دانشگاه صلاح الدین- اربیل

دانشکده زبان- گروه زبان فارسی

# ترجمه‌ی نمایشنامه‌ی "چشم ماه" پیمان یاحقی به کوردی

**پایان نامه جهت دریافت درجه‌ی کارشناسی**

**در رشته‌ی زبان و ادبیات فارسی**

پژوهشگر:

سمیه کاکل

استاد راهنما: فاضل محمود ولی

سال تحصیلی 2023-2024

## مقدمه

ادبیات نمایشی ادبیاتی است که در قالب نمایش به صحنه می آید. موضوع اصلی ادبیات نمایشی پیوند انسان با زندگی و طبیعت و جامعه و وظیفه‌ی آن تجلیل روحیه‌ی انسان و نحوه‌ی برخورد او با حوادث زندگی است؛ به همین دلیل ادبیات نمایشی سهمی بسزا در شکل‌گیری هویت انسان دارد. پیمان یاحقی متولد سال 1363، فارغ‌التحصیل رشته سینما است و تاکنون ساخت سه فیلم کوتاه و نگارش چندین نمایشنامه و حضور در جشنواره بین‌المللی تئاتر فجر را در کارنامه هنری خود دارد. نمایشنامه چشم ماه با کارگردانی محمد انصاری به مدت ۵ شب در تماشاخانه مشایخی اجرا شده‌است .

"چشم ماه" درباره مرد نابینایی است که همراه با دختر خود در پارک فال می‌فروشد که یک شب مادر خانواده فوت می‌کند و دست بر قضا جسد مادر ناپدید می‌شود. در همین راستا یک قاضی در حال پیگیری این جریان و بازجویی از مردم شهر برای پی بردن به دلیل ناپدید شدن جسد مادر است اما هرچه بیشتر تحقیق می‌کند به حقایق تازه‌ای دست می‌یابد و در نهایت مشخص می‌شود جنازه‌ای وجود نداشته است… "چشم ماه" موضوعاتی همچون هویت، عشق، خیانت، و مسائل اجتماعی را به طور گسترده‌ای مورد تحلیل قرارداده‌است و به عنوان یکی از آثار مهم ادبیات نمایشی معاصر ایران به حساب می آید .

در "چشم ماه"، پیمان یاحقی به طرز زیبا و عمیقی به مسائل اجتماعی، فرهنگی و روان‌شناختی پرداخته است. نویسنده به زیبایی درگیری‌های روانی و عاطفی شخصیت‌ها را به تصویر می‌کشد و از رویکردهای نوین نمایشنامه‌نویسی برای بیان این مسائل استفاده می‌کند. در نمایشنامه "چشم ماه" اثر پیمان یاحقی، شخصیت‌های مختلفی وجود دارند که هرکدام نقش مهمی در پیچیدگی‌ها و رویدادهای داستان دارند. از جمله این شخصیت‌ها می‌توان به پدر کور و دخترش اشاره کرد که نقش‌های بسیار مهمی در داستان دارند. "چشم ماه" تنها روایت یک داستان جذاب نیست، بلکه آینه‌ای است که مسائل اجتماعی و فرهنگی روزمره را به تصویر می‌کشد و خواننده را به تفکر و تأمل در موضوعاتی همچون خانواده، جنسیت، هویت، و عشق فرا می خواند.

## کارەکتەرەکانی شانۆکە

١ – ئەختەر ، کچەی فاڵفرۆش، (کچە چاو کاڵەکە)

٢- پیاوە فاڵفرۆشەکە- نابینا

٣ – کوڕە فۆتۆگرافەرەکە

٤ – کچە فۆتۆگرافەرەکە

٥ – پیرەژنێکی باش

٦ – فرۆشیارە گەنجەکە

٧ – سەرۆکی ئەنجومەنەکە

(٣ – ٧): گرووپی کۆرسەکە
( حەوت کەس لەخەڵکی شارەکە )

٨ – پیاوە ڕێبوارەکە

٩ – ژنە ڕێبوارەکە

رووناکی لای چەپ دادەگیرسێت

کۆرسەکان ((حەوت کەس)) خەڵکانی شار

من حەزم لێیە

لە گۆڕەپانەکە ڕیشۆڵە بکرم

و پێش ئەوەی

بەرەو لقە وشک و دڵتنەگی دارەکان

هەڵیفرێنم

دەستم لەسەر دڵی دابنێم

حەزم لێیە

ئەو قسانە بکەم

کە ترپەی دڵی یەک بە یەکتان

لە گێڵگەکاندا

لە

ڕێرەوەکاندا

و لە پشت مێزە ڕزاوەکاندا

توند لێ بدات

تەنانەت لێدانی دڵی تۆش خێرا دەکات

کە بەلاقەتیتەوە لێم دەپرسن

مرۆڤۆچکە : تۆ هێشتا وا دەزانیت

دونیا دەسوورِێت؟

من حەزم لێیە لە کۆڵانەکان

گۆرانی بڵێم

لەسەر بەفرەکان بخلیسکێم

و بەگەرم و گورِییەو ناوتان بهێنم

کە هۆ برِوانن

من لەبەر رِوناکایی دڵمەوە دەژیم

**ستەیج**

لای ڕاست ستەیجەکە بەشی یاری منداڵانە لە پارکێک

بەشی لای چەپی ستەیجەکە چەند کورسییەکی نێو پارک

ستەیج شانۆ بە داگیرساندن و کوژانەوەی رووناکیەکانی لای ڕاست چەپ جیادەکرێتەوە

رووناکی لای ڕاست ستەیجەکە دادەگیر سێت

پیاوە نابیناکە لەسەر زەوی لە تەنیشت یاری منداڵانەکە سەرقاڵی شت خواردنە لەبەرانبەریشی سفرەی خواردن راخراوە

جانتایەکی دەستی شڕ. کچە فاڵفرۆشەکە ((ئەختەر)) بە بێدەنگی و بێ  هیچ جوڵەیەک لەسەر جۆلانەکە دانیشتووە.

رووناکی لای ڕاست دەکوژێتەوە.

رووناکی لای ڕاست ستەیجەکە دادەگیرسێت.

ئەختەر لەسەر جۆلانەکە دانیشتووە، پیاوەنابیناکە خەریکی خواردنە کچەکە جۆلانەکە بەجێدەهێڵێت. لەبەرانبەر پیاوە نابیناکە دادەنیشیت.

ئەختەر: (بە خەمباری و ناڕازییەوە) ئێمە دەمانتوانی لە شوێنێک بینێژین،

بە کەسیش نەڵێین . تەنیا خۆمان بمانزانیبا.

هەرکاتێک بمانوتستیایە. دەمانتوانی بچینە سەرگۆڕەکەی.

پیاوەنابیناکە: منیش هەر ئەوەم دەویست، بەڵام ئەو، بارانە نەفرەتیە، ئەوهەروە بروسکەیە.

ترسام. من هەمیشە لەهەورە بروسکە دەترسێم.

بەدەست خۆم نییە، کاتێک دەنگی هەورە بروسکە دێت، دەڵێم بە دڵنیایەوە دونیا سەراوژێر دەبێت.

ئەختەر: بەڵام ئێمە گەڕاینەماڵەوە تەنانەت بەدوایشیدا نەگەڕاین.

( بەناڕازییەوە بەرەو سوچێک دەڕوات)

پیاوەنابیناکە: بۆ نەتبینی، کاتێک باران ڕاوەستا، هەورە بروسکەکان تەواوبوون، گەڕاینەوە .

بەڵام ئەو لەویٚ نەبوو.

خۆت وتت دیار نییە.

خۆ من نابینم.

کچەفاڵفرۆشەکە: کیٚ بردوویەتی؟ بۆ کویٚ بردوویانە؟

پیاوەنابیناکە: بەردەوام هەر ئەم شتە دەپرسی، من چووزانم. مردنەکەشی هەر سەرهێشەبوو.

کچەفاڵفرۆشەکە: برۆشتایەن بە پۆلیسەکانمان بوتبا.

پیاوەنابیناکە: نەدەکرا، کچیٚ تۆ چەند گەمژەی، دەیان خستە گەردەنی ئێمە. وادەزانی باوەڕیان بەمەدەکرد. هەرگیز، دەیانووت ئێوە ئەوتان کوشتووە.

کچەفاڵفرۆشەکە: ئەی وانەبوو؟

پیاوەنابیناکە: ئەو خۆی مرد.... خۆی مرد

دوێنی شەو چیتر گوێم لە دەنگی دڵی نەبوو

لەمێژ بوو کە چیتر نەدەجووڵا.

کچەفاڵفرۆشەکە: تەنیا شەکراومان دەکردە گەرووی

پیاوەنابیناکە: هەرگیز نەمزانی نەخۆشییەکەی چی بوو؟

کچەفاڵفرۆشەکە: دەتزانی نەخۆشیەکەی چییە، دکتۆرەکە بەتۆی وتبوو. ئەو دکتۆرەی بەیانیان لە پارکەکە وەرزشی دەکرد. هەر ئەوەی حەزی لیبوو من فاڵی بۆ بخوێنمەوە. بەتۆی گۆتبوو. هەرجارێک بەشێک لە جەستەی پەکی دەکەوێت...

پیاوەنابیناکە: دەمت داخە... وانییە، تازە ئەگەر واشی گۆتبێت.... ئەوا من هەر لێتێنەگەیشتم....

کچەفاڵفرۆشەکە: پەپوولەکان هاتن (چاوی بە دوای پەپوولەکان بەو لاو ئەولا دەسوڕێت) لەکوێبوون؟

بۆچی هێندە درەنگ هاتن؟

پیاوەنابیناکە: وەرە شتێک بخۆ ئەی نەتگۆت برسیمە؟

کچەفاڵفرۆشەکە: ئارام بگرە ( بەدوای پەپولەکان ڕا دەکات) بەردەوام تا لای دیوارەکە بەدوایاندا دەڕۆم. بەسەر دیوارەکان سەردەکەون و دەڕۆن.

پیاوە نابیناکە: ئەی برسیت نەبوو؟

کچەفاڵفرۆشەکە: (بەدوای پەپولەکانەوەیە) دڵم نایبا. تەبیعەتم گیرا.

پیاوە نابیناکە: گەمژە ، سەد جار پێم گۆتی ڕقم لەو وشەیە.

کچەفاڵفرۆشەکە: لەدەم دەرچوو.

پیاوەنابیناکە: ئەگەر جارێکی تر... ئاگات لەدەمت بێ.

کچەفاڵفرۆشەکە: ئەمڕۆ ڕۆژی یەکەمە کە دایکم مردووە ، واتا ونبووە ، یانی هەم مردووە ، دواتریش ون بووە.

پیاوەنابیناکە: ڕاهاتبووین بە نەبوونی. دەمێک بوو چیتر قسەی نەدەکرد.

کچەفاڵفرۆشەکە: بەڵام هەر شەوێک کە خاوێنم دەکردەوە سەیری دەکردم. بە چاوەکانی پێ دەکەنی.

پیاوەنابیناکە: چۆن بە چاوەکانی پێدەکەنی؟

کچەفاڵچیەکە: ئەمەیان خۆم لێی تێدەگەیشتم.

پیاوەنابیناکە: وازبێنە، دەی هەڵسە، وابزانم تا یەک دوو کاتژمێری دیکە باران تێدەکات، خۆت کۆبکەوە بڕۆین.

کچەفاڵفرۆشەکە: ماندووبووم. لە هەموو شتێک.

پیاوەنابیناکە: دیسان پرتەوبۆڵەت دەستی پێکردەوە.

کچەفاڵفرۆشەکە: دەمەوێت برۆم.

پیاوەنابیناکە: بۆ کوێی؟

کچەفاڵفرۆشەکە: نازانم ، نامەوێت لێرە بمێنمەوە.

پیاوەنابیناکە: ئەختەر: گوێبگرە . دایکت کە مرد هیچ . یارمەتی باوکە نابیناکەشت مەدە با ئەویش

بمرێت.

ئەوکاتە تەنیای تەنیادەبی ، لە تەنیای ناترسی؟

کچەفاڵفرۆشەکە: لە تەنیای زۆر دەترسم.... زۆر دەترسم.... زۆر. بەهەمان شێوەی تۆ لە هەورە

بروسکە دەترسێت.

پیاوە نابیناکە: باشە کەلوپەلەکان کۆ بکەوە دەڕۆین . ئەمرۆ هیچت نەفرۆشت.

(کچەفاڵفرۆشەکە بە شڵەژایی و خەمباریەوە سفرەکەی بەرانبەری پیاوەکە کۆدەکاتەوە)

کچەفاڵفرۆشەکە : ها بیگرە ئەوە کڵاوەکەت... جانتاکەت بکە ملت... ئەوەش گۆچانەکەت.

(هەردووکیان خۆیان گورج کردەوە بڕۆن)

کچەفاڵفرۆشەکە: ... پەپولەکان

پیاوەنابیناکە: بەسەوازیان لێبینە.

(کچەفاڵفرۆشەکە ئەملاو ئەملای دوای پەپولەکان دەکەوێت لەکۆتایی ستەیجەکە ون دەبێت)

پیاوەنابیناکە: ئەختەر... ئەختەر.

(کچەفاڵفرۆشەکە بە ڕاکە ڕاک لەوسەری ستەیجەکە دەگەڕێتەوە)

کچەفاڵفرۆشەکە: من لێرەم.

پیاوەنابیناکە: ئەدی پێم نەوتی کە جارێک بانگم کردی وەڵام بدەوە.

کچەفاڵفرۆشەکە: تالای دیوارەکان بەدوایان دا رۆشتیم. بەڵام ئەوان هەڵفڕین پەرژینی دیوارەکە تێپەڕین.

(کورو کچە فۆتۆگرافەرەکە دێنە سەر ستەیجەکە کامێرا و کەلوپەلکانیان پێیە لەسەر کورسیەکە دادەنیشێت. ژست و جووڵەی جیاواز دەنوێنێت، کورەکە لە گۆشەی جیاوازەوە وێنە دەگرێت.)

کورەفۆتۆگرافەرەکە: هەوڵبدە فیگورەکانت دووبارە نەبێت.

کچەفاڵفرۆشەکە: وا زوو لە فیگورە دووبارەکانم، بێزاربووی؟

کورەفۆتۆگرافەرەکە: نە گیانیمن، بەڵێنم داوە تا کۆتایی تەمەنم لە فیگورە دووبارەکانم بیزارنەبم.

بەڵام ئەو وێنانەم بۆ پێشنگاکەیە....

کچەفۆتۆگرافەرەکە: قسەکانت جۆرێکە؟

کورەفۆتۆگرافەرەکە: چ جۆرێکە؟

کچە فۆتۆگرافەرەکە: جۆرێک قسەدەکەی بەڵام بەردەوام مەبەست شتێکی ترە.

ئەم کچە چەند فیگوراتیڤە.

(کچەفاڵفرۆشەکە لەوان نزیک بۆتەوە وبە سەروسمایەکی حەپەساو لێیان دەڕوانێت)

کورەفۆتۆگرافەرەکە: ( بەخێرای وێنەی کچەفاڵفرۆشەکە دەگرێت) نایاب. ئەو خافلگیر بوو دیمەنێکی جوانم چنگ کەوت. هی تۆ ... ناوت چییە؟

کچەفۆتۆگرافەرەکە: بۆ هیچ ناڵێت؟

پیاوەنابیناکە: با بڕۆین.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: وەکە ئەوەی لاڵبێت.

کچەفاڵفرۆشەکە: من لاڵنیم ، ناوم ئەختەرە.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: ئەختەر واتا چییە؟

کچەفاڵفرۆشەکە: واتا ستارێ.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: (چەپڵە لێ دەدات) ئافەرین بۆ تۆ ستارێ، دڵت چەن کەسەرە(پێدەکەنێت)

کچەفۆتۆگرافەرەکە : برۆ تەنیشی ڕاوەستە (کورەفۆتۆگرافەرەکە لەتەنیشت کچەفاڵفرۆشەکە

دەوەستێت کچە فۆتۆگرافەرەکە وێنەی دەگرێت.)

کورەفۆتۆگرافەرەکە: بە تەنیایی؟

کچەفاڵفرۆشەکە: لەگەڵ باوکم ... فاڵدەفرۆشم.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: (روو لەپیاوەنابیناکە دەکات)بە بە .....پیاوەجوانەکە ( دەستی بۆ درێژدەکات. پیاوەنابیناکە، پێ جووڵە ڕاوەستاوە).

کچەفۆتۆگرافەرەکە: پێم وایە نابینایە.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: (تێدەگات) باوەگیان نابینای؟ واتە دڵت بینایە؟

کچەفۆتۆگرافەرەکە: ئەو گۆچانە، سپیە نابینی. ئەوە تایبەیە بە نابیناکان.

کچەفاڵفرۆشەکە( لەنیوانیان واقی وڕماوە) لێگەڕێن . بڕۆ ئەولاوە.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: ئەی ... ئەی ... کچی باوکیەتی.

کورەفۆتۆفرافەرەکە: لەناکاو بیرۆکەیەکی باشم بەمێشک داهات. ئەوانە باشترین شتن بۆ پێشانگایەکی نایاب.

کچە فۆتۆگرافەرەکە: بیرۆکەیەکی چاکە.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: شازە پێشانگایەک ، لەسەر بابەتی ژیان.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: ژیانی نان و هیچێ تر.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: خەڵاتی .... بێ یەک دوو ... مرۆڤی دنیایی دیوار ئاسا پێوستان بە سۆز هەیە.

باوکە گیان تۆ گیان ستارێ کچت ئامادە ببە بابەتێ ئێمە؟

(کچەفاڵفرۆشەکە پیاوە نابیناکە بێدەنگ بوون.)

من پارەتان پێدەدەم .زیاتر لەوەی پێدای دەکەن.

(کورەوێنەگرەکە پارە لە گیرفانی دەدەهێنێت وەدەیداتە پیاوەنابیناکە بە هەڵپەوە دەست لەپارەکە دەخشێنێ)

کچەفۆتۆگرافەرەکە: ئێستا مەسەلەکە خۆشت بوو وانیە.

پیاوەنابیناکە: زۆر بەئازارە.

کچەفۆتۆگرافەرەکە : چێ بەئازارە ئەزیزم ؟

پیاوە نابیناکە: ئەوەی لە منتان دەوێت.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: (پێدەکەنین) سەیرە.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: ئەوانە شاکارن ... وانیە.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: نایابە.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: هیچ ئازارێکی نییە. هۆ تەمەشاکە ، تۆ ستارێ کچت- دەبێ ببنە مۆدێل.

پیاوەنابیناکە: واتە چی؟

کچەفۆتۆگرافەرەکە: بەوشێوازەی ئێمە دەیڵێین ڕێک ڕاوەستن تاکو وێنتان بگرین.

پیاوە نابیناکە: کارێکی ئاسان نییە.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: تەنها بەدوو ڕۆژ، ڕۆژی چەند سەعاتێک.

پیاوەنابیناکە: ئەختەر... ئەختەر... (کچەفاڵفرۆشەکە دێت بۆلای) ئەمە چەندە (کچەفاڵفرۆشەکە بە گوێدا دەچرپێنێت) ئەمە زۆر کەمە

کورەفۆتۆگرافەرەکە: ئەی پیسکە.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: تەنها بۆ چەند کاتژمێرێک.

پیاوەنابیناکە: ئەمە تەنیا بۆ منە دەبێت پارەی کچەکەشم بە جیابدەی.

کورەفۆتۆگرافەرەکە : باشە... باشە. زۆرباشە.

(ئاماژە بۆ کچەکە دەکات، کچەکەش پارە لەگیرفانی دەردەهێنێت و دەیداتە کچەفاڵفرۆشەکە)

کچەفۆتۆگرافەرەکە: وەرە ئەوەش بۆتۆ ...( کچەفاڵفرۆشەکە پارەکە وەردەگرێت دەیداتە بە عەرز) ئەمە کەی ئیش بوو؟

کورەفۆتۆگرافەرەکە: (پارەکە لەسەر زەوی هەڵدەگرێتەوە دەچێتە بۆ کچەفاڵفرۆشەکە)

ستارێ .... چیتە.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: من نامەوێت.

پیاوەنابیناکە: هەرچییان ویست بیکە. ئەوان پارە دەدەن.

کچەفاڵفرۆشەکە : من حەزم لە وێنەکان نییە.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: تێناگەم .... لەبەرچ؟

کچەفۆتۆگرافەرەکە: زەردەخەنەیەک ناچارت لەسەر لێویان وشک دەبێت . مات بێدەنگ دەبن .

هەموو ڕۆژێک یەکسان بۆیان کە مردین لە چوارچێوەمان دەدەن. دایکم وێنەیەکی بێ چوارچێوە.

پیاوەنابیناکە: ئێستا کاتی ئەوقسانە نیە ، پارەکان بدەمن (پارەکان لەکورە فۆتۆگرافەرەکە

وەردەگرێت) هەر چیان ویست پیان بدە، ڕووت خۆش بێت .

کچەفاڵفرۆشەکە: (بەلاساری) زۆرباشە، ببمە باڵندە، فاڵ بفرۆشم. پیاوان...خانمان.... فالم لێ

بکرن... ( فالم بە خەڵکانێکی خەیاڵی ) چاوەکانتان دابخەن.... نیەتی لێ بێنن.

کابرا دڵی سافە – نەیاتێکی بدەنێ.... دەتانەوێت فاڵتان بۆ بخوێنمەوە. سەرەتاکەی بڵێن

سەرەتاکەی . هەموویانم دەزانم، دایکم پێی دەگوتم. توتی نهێنی بێژ.

( فاڵ دەخوێنێتەوە. بە گشت لایەک دەسورێتەوە – پێ بە زەوی دەکوتێت فاڵ بە موشتەریەکانیانی دەفرۆشێت– کور کچە فۆتۆگرافەرەکە شوێنەکان دەگۆڕن لە گۆشەی جیا جیا وێنە دەگرێ پیاوە نابیناکە وەکو پەیکەر کش ومات وەستاوە)

دەسبەرداری خواستی خۆم نابم، تا دەگەم بە کامی خۆم

یا جەستە دەگات بە گیانان، یان گیان لە ڕۆح دەربێ

لەپاش مەرگم گۆڕم هەڵکۆڵە و بڕوانە

کە لە ئاگری دەروونم، دووکەڵ لە کفنەوە هەڵدێ

ڕوخی خۆت دەرخە با خەڵکی شێت و شەیدا بن

لێو بکەوە کە هاوار لە ژن و پیاو هەڵسێ

ئۆقرە بڕاوەو حەسرەت لە دڵدایە کە لە لێوەکانی

نەمگەستووە تا رۆح لە جەستە دەرچێ

خۆی تینوویەتی هەژاران کەی بەو دەمەوە دەکرێ

باسی باشی ئەو دەکەن لەنێو تاقمی عاشقبازان

له هەر کورێکدا کە  ناوی حافز ببرێ

کورەفۆتۆگرافەرەکە: نایاب

کچەفۆتۆگرافەرەکە: ئێستا هەردووکتان پێکەوە. وەرن(شەپقەکەی بە ستارێ دەدات)

کورەفۆیۆگرافەرەکە: لەتەنیشت یەک راوەستن... زەردەخەنەبکەن... زیاترپێبکەنە... سوپاس... ئێستا تەنیا بەگۆچانە سپیەکەتەوە. ستارێ تۆزێک وەرە پێشتر، وادابنی، فاڵدەفرۆشی. دەستەکانت بهێنە پێشەوە.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: شەپقەکە بەم شێوەیە لێبکەلەسەر جۆلانێکە دابنیشە. تۆش بەگۆچانەی لەسەر سەری ڕاەستە. وادابنێ کەلێی دەدەیت. ستارێ گیان پێمەکەنە.

کورە فۆتۆگرافەرەکە: ئێستا وادابنێ دەگرییت... تەمەشا ئەگەر بتوانێت بگرێت نایاب دەبێت باشە -گۆچانەکەت بەرزتربکەوە کەمێک بەرزتر تورەتر... هۆ تۆ...هەستەکانت پیارێزە... دۆخی گریان (ڕوودەکاتە فۆتۆگرافەرەکە)توندوتیژی و هەژاری دەردەخات. (هەردووک فۆتۆگرافەرەکە وێنە دەگرن)

کچەفۆتۆگرافەرەکە: وەرە: ئیستا لێرە دابنیشن، وەک ئەوەی خەریکن خواردن دەخۆن. (سفرەو خواردن لەبەرانبەر ئەوان دادەنرێت) تۆ ستارێ... خوارد بە دەمی باوکتەوە بکە- بە مڵاک نا. باشە. نەجوڵێت ... هەستی دایکانە لە خۆبگرە... باشە (هەردووکیان وێنەدەگرن)

کورەفۆتۆگرافەرەکە: لەلای یەک راوەستن، ستارێ پارەکان بدە بەباوکت پارەکان وەرگرە، بژمێرە. وادابنێ بەڵت نییە. ستارێ، بترسە... نانا وانا بێت... دەمەوێت چاوەکانت پڕ لەترس بێت باشە... ئێستا باشتر بوو.

(کچەفاڵگرۆشەکە بە تەنیشتیان تێدەپەڕێت کورە فۆتۆگرافەرکە چەند وێنەیەکی پیاوە نابیناکە دەگرێت)

کچەفۆتۆگراگەرەکە: وەرە بۆکوێ ڕۆشتی؟

کچەفاڵفرۆشەکە: ئیتر ماندووبووم، بەسە.

کورە فۆتۆگرافەرەکە: بۆئەمڕۆ ئەوەندە بەسە ماندووبووی.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: تەنها یەک وێنەی تر.

کچەفاڵفرۆشەکە: ماندووبووم، ماندووبووم

پیاوەنابیناکە: ئەختەر وابکە کە ئەوان دەیانەوێت.

کچەفاڵفرۆشەکە: حەزم لێ نییە

پیاوەنابیناکە: لاسار،دیسان زمانت درێژکرد. ئاقلت دەکەم.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: ئازاری مەدە، لێگەری ئاسودەبێت.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: تەنها دانەیەکی تر، دەمەوێت زنجیرەکە بگۆرم- هەرژیستێک دەوێت لە خۆبگرە (کچەفاڵفرۆشەکە زمانی دەهێنێتە دەرەوە چاوەکانی خێل دەکات.بەرانبەری کچەکە رادەوستێت، کچ وکورە وێنەگرەکە. پێدەکەنن چەپڵە لێدەدەن. هەردووکیان لەگۆشەی جیاواز وێنەدەگرن.)

کورەفۆتۆگرافەرەکە: نایابە ستارێ دیاریەکی باش لەبەر ئەم ژیست لەلای من وەردەگریت.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: سوپرایزێکت بۆدەکەم.

((ڕووناکی لاچەپ دەکوژێتەوە))

((ڕووناکی لای راست دادەگیرسێت))

(گروپ کۆرسەکان،حەوت نەفەری ڕاوەستابوون)

کۆرسەکان: بڕوانن، باش بڕوانن

سەیرئەم خەڵکەکە، هەڵسوکەوتیان چۆن وەکو فرۆشیارەکانە.

زۆربەیان

لەنیو کۆماری زباڵەکاندا ، بەدوای کەمترین دەستەکەوتەکانیان دەگەڕێن

زۆربەیان

ئامادەن، خۆیان بەتۆوە بەرز بکەنەوە

بەڵام تۆ

وا لەزۆرکەسی تر دەکەیت سەرلەنوێ تۆ بناسنەوە

تۆ لەوان نزیک دەبیتەوە

وەکو بێگانەیەک بەلایاندا تێدەپەریت.

بەم هۆکارە، ئەوان لەتۆ نابوورن.

ئەوکەسە لە هەمووان زیاتر جێگای ڕکوکینەیە.

کەباڵی هەبێت.

ئاگاداربە، خەونەکانت دەدزن.

ئاواتەکانت دەفرۆشن .

تۆ لەسەر بورکان وەستاویت.

ئێمە ئارەزووی شەومان هەیە.

تۆ بانگی بەیانی بدە.

((ڕووناکیەکان دەکوژێندرێتەوە))

((ڕووناکی لایەکای تر دادەگیرسێنێت))

خەڵکی شار لەسەر کورسیەکان دادەنیشن دوو بەدوو چرپەچرپ دەکەن، ستەیجەکە بارودۆخی دادگا لە خۆی دەگرێت،کچە فاڵفرۆشەکە و پیاوەنابیناکە دێنە ژوورەوە، بێدەنگ دەبن، هەردووکیان لەسەر کورسیەکانیان دادەنیشن

سەرۆکی ئەنجومەنەکە: بابەتێکی سەیرە، ئەوئافرەتە، واتە ئەو جەستەیی ونبووە.... ئەو ئافرەتەی سەرەتا مردووە دواتر ون دەبێت.

پیاوە ڕێبوارەکە: بەگشتی وندەبن پاشان دەمرن.

سەرۆکی ئەنجومەن: بەڵێ خەڵکی بەڕێزی شار لەبەر ئەمە گوتم ئەوە بابەتێکی سەیرە (ڕوودەکاتە کچە فاڵفرۆشەکە) کچەکەم ناوی تۆ چییە؟

کچەفۆتۆگرافەرەکە: ناوی ستارێیە

فرۆشیارەگەنجەکە: کچەفاڵفرۆشەکە

پیرەژنێکی باش: من بەکچەچاو کاڵەکە بانگی دەکەم.

پیاوەڕێبوارەکە:  تووتی نهێنی بێژ.

پیاوەنابیناکە: ناوی ئەختەرە. کچی من و هاوسەرەکەمە، هەرئەوەی کەمردووە پاشان ونبووە.

سەرۆکی ئەنجومەنەکە: ئێوە... لەگەڵ تۆمە.... ؟ ئایا کەڕی؟ چیە کەڕی

کچەفاڵفرۆشەکە: نەخێر نابینایە.

سەرۆکی ئەنجومەنەکە: ناوی.

کچەفاڵفرۆشەکە: مشکە کوێرە (هەمووپێدەکەن) دایکم بەوناوەبانگی دەکرد، ئەوکاتەلەدایکمی دەدا. بە گۆچانەکەی لێیدەدا.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: کوتان و تێهەڵدان

سەرۆکی ئەنجومەنەکە: لەبەرچ ئەوکارەی دەکرد.

کچەفاڵفرۆشەکە: چونکە پێ دەگوت مشکە کوێرە.

پیاوەنابیناکە: من حەزم بەوناوە نەدەکرد. لەبەرئەوەلێمدەدا بەڵام دووبارە وای دەگوتەوە.

سەرۆکی ئەنجومەنەکە: ئەو لەکوێیە؟

کچەفاڵفرۆشەکە:دایکم؟ ... ئەو دوێنی خۆی مرد

سەرۆکی ئەنجومەنەکە: تەرمەکە لەکوێیە؟

پیاوەنابیناکە: ونبووە، یانی بردوویانە. ئێمەنازانین نەمن نە ئەختەر نازانین لەکوێیە. هەوەرەتریشقە وباران بوو.

پیرژنێکی باش: کەمتیار شەوانە ئەوبەستەزمانە شەو نوقم کرد پشگوێ خست؟

پیاوە نابیناکە: ئەو خۆی مرد، ئێمە ئاگاداری بووین.

کچەفاڵفرۆشەکە: ئەو نەخۆش بوو، زۆر دەمێک بوو نەخۆش بوو.

ئافرەتەڕێبوارەکە: لەبەر ئەوەی نەخۆش بوو، لەسەر شەقام بەجێتان هێشت.

پیاوەنابیناکە: نا ئەومرد، من شەوانە دەگەڕامە ماڵەوە بەدەنگی دڵم گوێم لێدەگرت ئەوجارەکۆتاجار بوو هەرچەنە گوێم دەگرت دەنگی نەبوو.

کچەفاڵفرۆشەکە: چاوەکانی وەکوشەوانی تر پێنەدەکەنی.

سەرۆکی ئەنجومەنەکە: هەموو لەژێر سەری کچەکەیەتی. ئەوپیاوە نابینێت، ئێوە ئەوکچە لەکوێ دەناسن؟

ژنەڕێبوارەکە: من وهاوسەرەکەم دەمانەوێت بەمنداڵی خۆمان قبوڵی بکەین، ئێمە منداڵمان نییە. هاوسەرەکەم نەزۆکە.

((هەمووبێدەنگ دەبن))

رووناکی((کوژاوە))

(کچەفاڵفرۆشەکەلەسەر جۆلانەکە دانیشتووە، بەغەمباریەوە)

پیاوەڕێبوارەکە: وابیردەکەیتەوە بۆشایی ژیانمان، بەو منداڵەبلوەریە پڕدەبێتەوە.

ئافرەتەڕیبوارەکە: ئەوبلووری نییە،دایبابی هەیە باوکی نابینایە، دایکیشی نەخۆشە.

پیاوەرێبوارەکە:جیاوازی نییە(وردە وردە تورەدەبێت) کاتێک منداڵەکە هی خۆت نەبێت، چ جیاوازیەکی هەیە بلوری بێت یان لەزگی دایکی هاتبێتە دنیاوە، لەباوکێکی تر، دوومرۆڤێکی دیکە، دووتایبەتمەندی تر، دووریێکخراوی تر، ئەوکات دەست بەسەری دابهینم. بڵێم کچی من، شەکروهەنگوینەکەم. بهێڵە باوکت قوربانت بێت، ناتوانم، ناتوانم.

ئافرەتەرێبوارەکە: تۆئەوانە دەکەیتە بەهانە. تا ڕازیبم دووبارە هاوسەرگیربکەیتەوە.

پیاوەرێبوارەکە: قسەی بێمانامەکە. هەروەها هیچ حەزم لێنمەماوە، ئەی من مافی ئەوەم نییە منداڵم هەبێت، تۆنازانی، تۆ نەزۆکی، ئەوکاتەی لەپێش هەمووان دادەنیشیت دەڵێت هاوسەرەکەم نەزۆکە.

ئافرەتەرێبوارەکە: (کاغەزی لەنیو جانتاکەی دەرهێنا) وەرەبگرە، قسەی لێژنەی پزشکی، سپێرمەکانی تۆ چالاک نین، ئەوان لەجەستەی تۆ بێنەدەرەوەدەمرن، بەگشتی توانای پیتاندیان

نییە.

پیاوەرێبوارەکە: بەپێ ڕاپۆرتی پزیشکە ئینگلیزەکان، ئێوە بەگشتی توانای دەردانی ئەسپێرمی پیاوانەتان نییە.

ئافرەتەرێبوارەکە: خۆشت دەزانی قسەی قۆڕ دەکەی. تۆ لەڕێگەی ڕاوێژکاری کۆمپیتەر ئەم کاغەزەت ساغ کردەوە. ئەو لەسەر قسە ناڕاستەکانی تۆ ئەولێدوانەی داوە.

پیاوەرێبوارەکە:هەردکتۆرێک بۆ چوونی خۆی دەدات، دەڵێت ڕاست نییە. تێناگات کەکچێکی فاڵفرۆش، دایبابی کوشتوە بیکەینە ژیانی خۆمان، ناتوانم.

ئافرەتەرێبوارەکە: ئەو پێوستی بەخۆشەویستییە تێگەشتی. کچێکی زۆر زیرەکە.

پیاوەرێبوارەکە:ڕێگە بدە ئەو خۆشەویست و میهرەبا نییە لە کەسێکی تر پێشکەش بکات.

ئافرەتەڕێبوارەکە: تۆ، هەلی دایک بوونت لەمن زوەت کرد، تەنانەت تێناگەیت دایک بوون بەشێکە لەبوونی ئافرەت، بەشێکە لە کاملبونی ئافرەت.

پیاوەڕێبوارەکە: تۆدڵنیایت دەتوانی ببیتە دایک.

ئافرەتەڕێبوارەکە: خۆت دەزانی ،کێشەکە لەتۆدایە، تۆنەزۆکی، قبوڵکردنی ئەستەمە، چاندی سپێرمش کەڵکی نەبوو.

پیاوەڕێبوارەکە: بەڵام دکتۆرەکان دەڵێن کێشە لە تۆش هەیە.

ئافرەتەڕێبوارەکە: نەک لەو ئاستەی نەکرێت هیچ بکەیت.

پیاوەڕێبوارەکە: دەتەوێت، جیابینەوە، نا.

ئافرەتەڕێبوارەکە: پاش دوانزەساڵ. نە. ئەوکچە دەتوانێت ئەو جێگای بەتاڵە لە ژیانمان پڕ بکاتەوە. ئەو زیرەکە. هەلومەرجی ژیان هیچ هەلێکی پێشکەوتنی پێنەداوە.

پیاوەڕێبوارەکە: مەبە بەدەرونناس. باسی هەژاری و ئەو شتانە جەوم تێکدەدا، ئەو وەک داری سنجو بەخوار و خێچی گەشەی کردووە. تەنانەت پەروەردەکردنی زۆر سەخت دەبێت، گوتت لەوانەیە لەبەر ئەو پێویست کات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان سنوردار بکەین، هاوڕێکانمان،گەشتەکەنمان، ناکرێت ئەو ببەین بە هەموو لایەک.

ئافرەتەڕێبوارەکە: ئەوە پێنجەمین هەڵبژاردەیە. بەڵام تۆ هەمووکات بیانوو دەهێنێتەوە. هەرکاتێک لێت دەپرسم، دەڵێت: من زۆر بەپەرۆشم.

پیاوەڕێبوارەکە: نازانم بۆ هیچ یەکێکیان ناکەونە بەردڵم، هیچ حەزێکم بۆیان نییە. منداڵی من. هیچ یەکێک لەوانە نییە، لەوانەیە لەبەر ئەوەبێت لەوچێژە بێ بەشم، هەست بەکەمی خۆم دەکەم. بوونی منداڵێک نەقسی خۆم بیردەخاتەوە.

ئافرەتە ڕێبوارەکە: (بەتوورەیەوە) ژنێکی تر بهێنە. لەوانەیە ببێت.

پیاوەڕیبوارەکە: بەبیرتە ئەودکتۆرەی کە تازە لە ئەوروپا هاتبوو هەریەکێک لەئیوە لەگەڵ یەکێکی تر شەنسی زیاترتان هەیە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی منداڵ. ئێستا ئەگەر ئەوە ببێت ئەوە منداڵی تۆییە، ئیترچیت دەویت( ئیشارەتێکی بۆ کچي فاڵفرۆشەکە کرد)

ئافرەتەڕیبوارەکە: منداڵێک بەدوو دایکەوە، زۆر ئاسان هەمووشتێک بۆ ئارەزووەکانت دەکەیتە قوربانی، ئەگەرش جیاببیتەوە تۆ زۆرئاسان دەتوانیت شەنسی خۆت لەگەڵ کەسێکی تر تاقیبکەیتەوە بەڵام دەبمە ئافرەتی دەستی دوو لەوانەیە تاکۆتای تەمەنم بە بێوەژنی بمێنمەوە. من ئەم زوڵمەم  لە ژیانی خۆم قبوڵ کردووە.

پیاوەڕێبوارەکە دەڕوات بۆئەوەی دڵی بداتەوە.

پیاوەڕێبوارەکە: نامەوێت ڕەنج دڵتەنگ بیت. (نامەوێت هەوڵەکانت بە هەوادا بڕوات)

ئافرەتە ڕێبوارەکە هەڵدی لە ئەو دەچێتە لای کچە فاڵفرەشەکە نیازی لەباوەشکردنی ئەوی هەیە کچە فاڵفرۆشەکە لەباوەشی ئەو ڕا دەکات.

کچە فاڵفرۆشەکە: هەرگیز نەمتوانیوە لەیاری حەوت بەرد حەفتا بەرد لەسەر یەک دابنێم، بە شێوەیەک  بەرنەبێتەو، دایکم ڕاهاییبوو بەهەموو شتێک فاڵی دەگرتەوە، پێشبینی دەکرد. دەیوت ئەوە بە واتای ئەوە دێیت

ناتوانێت بە ئارەزووەکانت بگەی، هەمیشە کۆتا بەرد، هەمووشتێکی تێکدەدا. ئیتر کاتی دووبارە هەرگیز لەسەر یەک داتانەوەت. لێت دەدەن، دەسوتێت دەبێت لە یاریەکە بچیتە دەرەوە.

( بە ئارامی و سوکباڵ لە سوچێکی ستەیجەکە دەچێتە دەرەوە ئافرەتە ڕێبوارەکە چەند شەقاوێک بەدوای دادەڕوات)

(ڕووناکیەکەم دەکوژێتەوە)

ڕووناکی لا ڕاست دادەگیرسێت.(هەمان دیمەن ، خەڵکی شار)

پیاوەڕێبوارەکە: ڕایکرد، هەلی بە ختەوەری لە کیس چووە.

پیرەژنە باشەکە: هەرگیز نەمدەیوست لە جێگای ئەو بم، تەنات بەنرخی دووبارە ژیانەوە.

کورە فۆتۆگرافەرەکە: لەگەڵ ژیان هەلی شەڕێ هەیە.

کچە فۆتۆگرافەرەکە: ئامادەنەبوو ژیستیکی سەرنج ڕاکێشت لەخۆ بگرێت، لانیەکەم، وێنەیەکی جوانی بمێنێتەوە.

سەرۆکی ئەنجەمەنەکە: لەو جۆرە منداڵانە زۆرن

فرۆشیارە گەنجەکە: ئەو دزی دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو دووباڵندە لەمن بکڕیت.

پێرەژنەباشەکە: دزی کردن هەرگیز شتی وا مەحاڵە.

فرۆشیارەگەنجەکە: لەفرۆشگاکەم دووباڵندەی ناوقەفەسم هەبوو، ئەو زۆر عاشقی ئەو باڵندانە بوو من ڕازی بووم پێ بفرۆشم، هەموو ڕۆژێک کەمێک پارەی لەباوکی وەردەگرت، پاشان زانیم ئەوپارانە دەدزی. وا بڕیاربوو هەرکات هەموو پارەکەم پێبدات باڵندەکانی پێبدەم.

پیرەژنە باشەکە: باشە دواتر؟

فرۆشیارەگەنجەکە: ئەو شەوەی باران بوو وابڕیار بوو بێتە لای من.

پیرەژنەباشەکە: لای تۆ؟

فرۆشیارەگەنجەکە:بۆ فرۆشگاکەی من، بەڵام نەهات، تا دوێنی شەو.

(رووناکیەکان دەکوژێنەوە)

رووناکی لای چەپ دادەگیرسێت، بەشێکی پارکەکە. شوێنی یاری منداڵان. شەو. دەنگی باران.

(فرۆشیارە گەنجەکە قەفەسێکی لەدەستە، لەملاو لەملادەڕوات ، کچە فاڵفرۆشەکە بە هەناسە بڕکی دێنە ژوورەوە)

فرۆشیارەگەنجەکە: بۆچی ویست بێم بۆ ئێرە؟

کچەفاڵفرۆشەکە: ئێرە چۆلە، کەس نامان بینێت.

فرۆشیارەگەنجەکە: بەڵام وابڕیار بوو بێتە فرۆشگاکەم لەلام بمێنیتەوە.

کچەفاڵفرۆشەکە: پەپولەکانم پێ بدە، دەبێت زوو بگەڕێمەوە.

فرۆشیارەگەنجەکە: درۆ دەکەی.

کچەفاڵفرۆشەکە: نا درۆ ناکەم- پەپولەکانم پێ بدە- ئەوەش پارەکە.

فرۆشیارەگەنجەکە: بڕیاربوو ئەوشەو....

کچەفاڵفرۆشەکە: باوکم تەنیایە، دایکم مردووە- چ بارانێکی بەلێزمەیە.

فرۆشیارەگەنجەکە: وەرە بچینە فرۆشگاکەم . زۆرباشترە لێرە.

کچەفاڵفرۆشەکە: تەرمی  دایکم لەسەر شەقامەکەیە. پێویستە برۆین بیخە گۆڕەوە.

کورەفرۆشیارەکە: بچکۆڵ، فیلم لیدەکەی- کێ گۆتی ئەتۆ مندالی.

کچەفاڵفرۆشەکە: باڵندەکەم پێبدە، پێوستە برۆم.

فرۆشیارەگەنجەکە: بەڵام بڕیاری ئێمە ئەوە نەبوو

کچەفاڵفرۆشەکە: من هەموو پارەکەی دەتویست، پێم دایت.

فرۆشیارەگەنجەکە: یەکێک لەپەپولەکانت مرد.  کاتژمێرێک پێش ئەوەی بێمە ئێرە.

کچەفاڵفرۆشەکە: مرد....نە بۆ؟.... ئەوشەو مرد.

فرۆشیارەگەنجەکە: چەند ڕۆژە کزبوو.

کچەفاڵفرۆشەکە: واتە چی؟

فرۆشیارەگەنجەکە: لەلایەک کز دانیشتووە، ئاوازی نەدەچڕێ، لاواز بوو. باڵەکانی خۆیشی بەرە بەرە هەڵوەری.

کچەفاڵفرۆشەکە: چاوەکانی پێدەکەنی؟ ئێستا چ ڕوودەدات؟

فرۆشیارەگەنجەکە: ئەوەی تریان لێ گەری بڕوا، یان تاکێکی دیکەی بۆ بکرە. ئەو بەتەنیا دەمرێت...

کچەفاڵفرۆشەکە: ئەوەی تر؟ ئەوەی وامردووە؟

فرۆشیارەگەنجەکە: باشە مرد ئیتر.... فرێبدەشوێنێک.

کچەفاڵفرۆشەکە: گوناهە.

فرۆشیارەگەنجەکە: باشە بیخە گۆرەوە، پرسەی بۆدانی، جلی ڕەش لەبەرکە. من چوزانم.

کچەفاڵفرۆشەکە: بۆ چی ئەم شەو؟

فرۆشیارەگەنجەکە: جیاوازی چییە،ئەمشەوبێت یان شوەێکی تر.

کچە فاڵفرۆشەکە: ئەوشەو شەوێکی شومە، دایکم دەیگۆت، شەوی شوم ڕووداو لەدوای ڕووداو ڕوودەدات...

فرۆشیارەگەنجەکە: وەرە بچینە فرۆشگاکەم، خاولیەکەت پێ بدەم خۆت وشک کەوە. جوان وتازەت پێ بدەم. خواردنێکی گەرم، بەخێو چاک دەبیتەوە، هەموو شتێک لەبیر دەکەیت.

کچەفاڵفرۆشەکە: قەفەزەکە لە فرۆشیارەکە وەردەگرێت، بەڕاکە ڕاک دەچیتە دەرەوە.

(ڕووناکی دەکوژێتەوە)

(ڕووناکی لای ڕاست دادەگیرسێت)

هەمان ستەیج. خەڵکی شارەکە.

پیرەژنە باشەکە: شەرمەزارییە.

سەرۆکی ئەنجومەنەکە: پێشتر لەگەڵ ئەو بووی؟

کچەفاڵفرۆشەکە: لەگەڵ کێ؟

سەرۆکی ئەنجومەنەکە: لەگەڵ ئەوپیاوە، ئەو پیاوەی پەپولەکانی پێ فرۆشتی.

کچەفاڵفرۆشەکە: تەنها چەند جارێک چوومە فرۆشگاکەی پارەم پێ داو.

پیاوەنابیناکە: هەی زۆڵ کاری خۆت کرد؟

کچەفاڵفرۆشەکە: هەرگیز پارەت پێ نەدام.

پیاوەنابیناکە: تۆهەموو شەو پارت لێدەدزیم، لەگەڵ دایکت دەستتان لەیەک کاسە بوو.

کچەفاڵفرۆشەکە: تۆلەدایکمت دەدا...ئەو ڕاینەدەکرد. دەترسا، بەدوای بکەوی، بەربیتەوە، جارێکیان ئەژنۆت بریندارببوو. لەبیرتە؟ چەند گریا.

پیاوەنابیناکە: دەمت دانە، دز، نەفرەتی. تۆ دەتانویست من بکوژن، تالآنم بکەن.

پیرەژنەباشەکە: ئەوە کەمی ڤیتامینی هەیە، زۆربەی ئەوکەسانەی دووچاری تاوانی نەخوازراو دەبت ئەوکێشانەیان هەیە، ئەنتی ئەکسید، فایبەر، لەجەستەیان کەمە...

(رووناکی لاچەپ دەکوژێتەوە)

(رووناکی لای ڕاست دادەگیرسێت)

(کچەفاڵفرۆشەکە لەسەر جۆلانەکە دانیشتووە، لەگەڵ چوپ چوپ دەکات.

پیرەژنەباشەکە لەو نزیک دەبێتەوە)

پیرەژنەباشەکە:ڕاکە کچە چاوکاڵەکەم.

(کچەفاڵفرۆشەکە بۆلای ئەو دەڕوات، پیرەژنەباشەکە ئەولەباوەش دەگرێت لەناو جانتاکەی بوکەڵەیەک دەردەهێنێت و دەیدات بەکچەکە)

پیرەژنەباشەکە: وەرە لە خەویش نەدە بینی، بووکی خەونەکانت.

کچەفاڵفرۆشەکە: نامەوێت. (بوکەڵەکەی بە زۆر دەگرێت، فڕێش دەداتە سوچێک)

پیرەژنەباشەکە: کچی سەرەڕۆ، ئەو بوکەڵە باربییە، ١٥هەزارم پێداوە.

کچەفاڵفرۆشەکە: (بۆلای جۆلانەکە دەگەڕێتەوە، لەسەر جۆلانەکە دادەنیشێت) وەکو من نییە ناتوانم چیرۆکی بۆبڵێم، لەقسەکانی من ناگات.

پیرەژنەباشەکە: کچی شای پەرییەکانە.

کچەفاڵفرۆشەکە: (بەخێرای بۆلای پیرەژنەکە دەروات بوکەڵەکەی لێوەردەگرێت) کچی پاشا پەرییەکان، گوێت لەدەنگی منە؟ (گوی دەگرێت) بۆچی هیچ ناڵێیت گوێم لێت نییە.

پیرەژنە باشەکە: ئەو قسەکەر نییە.

کچەفاڵفرۆشەکە: لەبەر وا دڵی نییە.

پیرەژنەباشەکە: من سەرم لەتۆ دەرناچیت.

کچەفاڵفرۆشەکە: هەمووان ئەوە دەڵین.

پیرەژنەباشەکە: دەزانم هیچ کەس حەزت پێناکات. وابیر دەکەنەوە عەقڵی نوقستانە، چیتر دا خەم مەخۆ، چاەونووسە ئیتر، خۆراکی بەتامم بۆ تۆ هیناوە. (دانە دانە لە جەنتاکەی دەریان دەهێنێت) لەفە پەنیری فەرەنسی لەگەڵ کەلەرمی برۆکلی، تۆست، کەرەی بادەمی عەرد لەگەڵ مرەبایی شاتو، وتم کچی پاشا

پەرییەکان شتی بە تامت بۆدەهێنێ....بخۆ دەی....شەرم مەکە، هەرچۆنێک دڵت دەیەوێت بخۆ ،بیامووت پێ ناگرم....

کچەفاڵفرۆشەکە: برسیم نییە.

پیرەژنەباشەکە: تۆ هەست بەبرسیەتی ناکەی. چونکە هەمیشە برسیت بووە. پێشینان . گەدەت تۆراوە.

کچەفاڵفرۆشەکە: (بەپەرۆشیەوە) شتێک بڵێم.

پیرەژنەباشەکە: بڵێی ئەزیزی دلم، من گوێت لیدەگرم.

کچەفاڵفرۆشەکە: دوو باڵندە هەیە ، لەناو قەفەسیک ، لەفرۆشگایەک.

پیرەژنەباشەکە: تێدەگەم ، منیش کەلە تەمەنی تۆ دابووم، حەزم لە پەپولەکان بوو، مامم کاتێک دەچووە ڕاو، کەوی بۆدەهێناین، قەڵەو باشەکانی بۆ ئێمە دەنارد، گۆشتی کەوت خواردیە؟ لەدەمدا دەتوێنەوە

کچەفاڵفرۆشەکە: نەم دەویست ئەوە بڵێم... (لەدەستی پیرەژنەکە ڕادەکات)

پیرەژنەباشەکە: دەمەوێت لەگەڵ خۆم بتبەمە کۆمەڵگا خێرخوازیەکەی خۆم، تا ئەندامانی کۆمەڵگاکە بتبینن کە منداڵێکی داماوی بویتە قوربانی، لێتدراوە و ڕازیت، ئەوانەشیان پێدەڵێم.

کچەفاڵفرۆشەکە: ( کچەفاڵفرۆشەکە ئاگاداری هاتنی پەپولەکان) پەپوولە، پەپوولەکان هاتن، هەمووکات بێ ئاگادار کردنەوە دێن، هیچ کات تەنیا جێم ناهێڵن. کەمێک زیاتر لێوەبن، (روو لەپیرەژنەباشەکە) هەمووکات وا دەزانم ، گۆتییان ئاسان بە هیواشی دەرۆمە بۆیان (بۆ خەیاڵی لەسەر خۆشەقاو دەهاوتی)

بەڵام  تا دەمەوێت بیانگرم باڵەكانیان لێكدەدەن  دەفڕن (بە دوای پەپولەیەكی خەیاڵی بۆ ئەملاو ئەولا دەڕوات) لەناكاو فرۆشگایەک بینیم لەناكاو لە فرۆشگایەک بینیم ئەوان بەدەرزیەک بەدیوارەكە دەدورینەوە، ئارام بگرە. مەڕۆن. هەمووكات بەدوایان دادەرۆم.

تا لای دیوارەكان، باڵ لێكدەدەن بەسەر پەرژینەكە تێدەپەڕن دیوارەكانیان دەبری ( بەدوایان دا ڕادەكات لە كۆتای ستەیجەكە دا نامێنێت)

(رووناكی لای چەپ دەكوژێتەوە)

(رووناكی لای ڕاست دادەگیرسێت).

هەمان ستەیجی خەڵكی شارەكە

ئافرەتە ڕێبوارەكە: من سەرم لێدەرناچێت، تەرمێک چۆن دەتوانێت بزر بێت.

كورە فۆتۆگرافەرەكە: تەنها لەكاتێک ئەویش بكوژ یان بكوژەكان بیانەوێت بەبزركردن، دەستە خوێناویەكانیان بشانەوە .

سەرۆكی ئەنجومەنەكە: بابەتی كوشتنەكە نەسەلمێنراوە. نەشاهێدێک. نە دانپێدانانێک.نە بەڵگەیەک. ونبوونی تەرمێک.

پیرەژنەباشەكە: دەتەوێت بڵێت، ئەو خۆی مردووە .

کورەفۆتۆگرافەرەکە: کەرواتە تەرمەکە، مەیتەکەی، لاشەکەی. هەری شتێکی کە پێ دەڵێن لە کوێیە؟

پیرەژنەباشەکە: دزاوە؟

فرۆشیارەگەنجەکە: جەستەیەک سودی بۆ کێ دەبێت؟

پیاوەڕیبوارەکە: لەوانیە، ئەم قسەیە سەرنجڕاکێش نەبێت. بەڵام لە  رۆژنامە خوێندمەوە کەلە چەوری جەرگی مرۆڤ باشترین پێداویستی جوانکاری وەردەگرن. سوراوی گران، کەرستەیەک

قایم.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: جێی باوەڕ نییە.

پیرەژنەباشەکە: چ دونیایەکی ترسناکە

ئافرەتەڕێبوارەکە: زۆر خراپە مرۆڤ بۆ تەرمەکەش هەست بەپارێزراوی نەکات

پیاوی سەرۆکی ئەنجومەنەکە: ئەمە ئەو قسە قۆڕانەیە ڕۆژنامەکان بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕە

بەتاڵەکاندەینوسن ، بەهەر حاڵ ئێمە قەرزاری بەخاک سپاردنی ئەو خاتوونە مەزنە ، هاولاتیە

بەڕێزە ، خوالێخۆشبووەین . وەدەبێت بەئەرکی خۆمان هەڵسین .

پیاوەڕێبوارەکە: یەکەم شت بۆ مەراسیمی بەخاک سپاردنی شکۆدار پێوست، تەرمە.

پیرەژنێکی باش: بە خاکسپاردن بێ تەرم.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: مۆدێرنە ، واتە بەدوای قالب و فۆڕمی نوێ بگەڕێی، گرینگی نەدان بە بابەت و رەنگکردنی تۆخی پەراوێز ، بەرهەمێکی تاقانەی نایاب کە ئیستا لەهیچ شوێنێک ڕووی نەدابێت.

کچەفۆتۆگرافەرەکە: ئەویش لە دونیایەک کە هیچ شت نەماوە مرۆڤ نەیکردبێ، بابەتێکی تایبەتە. بەخاکسپاردنی تەرمێک بێ تەرمەکە .

سەرۆکی ئەنجومەنەکە: تابوتێکم دەوێت.

کورەفۆتۆگرافەرەکە: کامێرایەکی باش پێشکەوتوو

کچەفۆتۆگرافەرەکە: چەند زنجیرە فلیمێک.

پیرەژنێکی باش: گوڵی گولایل سپی و سور لەهەریەکێکیان بیست چەپک.

پیاوەنابیناکە: گۆڕێک کە ئەویتێدا بشارمەوە.

پیاوەڕێبوارەکە: جل و چەتر ڕەش.

ئافرەتەڕێبوارەکە: گولاوێک.

فرۆشیار: لافیتەیەکی پەسە.

(( رووناکیەکان دەکوژێنەوە))

((رووناکی هەموو ستەیجەکە دادەگیرسێت))

چوارپیاو (کورەوێنەگرەکە . پیاوەڕێبوارەکە. سەرۆکی ئەنجومەنەکە. فرۆشیای فرۆشگاکە.) تابوتەکە لەسەر زەوی بڵندەکەن لەسەر شانیان دادەنێن لەپشت سەریان (پیرەژنەباشەکە. ئافرەتەڕێبوارەکە. کچەفۆتۆگرافەرەکە. پیاوەنابیناکە. کچەفاڵفرۆشەکە. مۆسقایەکی پرسە لێدەدرێ) ئەوجا بەدەوری ستەیجەکە دەسوڕێنەوە.

کچە فۆتۆگرافەرەکە لەهەموو لایەکانەوە وێنە دەگرێت...

پیرەژنە باشەکە گوڵ بە هاوەڵانی دەدات ، ئافرەتەڕێبوارەکە بە گوڵاوەکەی گوڵاو دەرژێنێت .

پیاوەنابیناکە گێژبووە ، دوادەکەوێت. کچەکە...

هەموان  لادەدات، بەدوای پیاوەنابیناکەوەیە بەزەحمەت بۆ لایەک ڕایدەکێشێت، تابوت هەڵگران و هاوەڵان بەدەوری ستەیجەکە دادەسوڕێنەوە. لە ستەیجەکە دەچنە دەرەوە . پیاوەنابیناکە بە خەمبارییەوە لەسەر زەوی ماوەتەوە، کچەفاڵفرۆشەکە هەم نیگەرانی باوکیەتی هەم نیگەرانی هەڵگرانی تابوتەکەیە،

کچەفاڵفرۆشوەکە: ئێستا دەزانین لەکوێیە، دەتوانین هەرکاتێک بیرمان کرد بێنە سەرگۆرەکەی بەڵام... من دەستە جلێکی ڕەشم دەوێ . پێڵاو و گۆرەوی ڕەش. لەچکێک و چاویلەکەی رەش گوێت لێە چی دەڵیم.... نا.... دیسان وەک جاران گوێت لێ نییە ، یان گوێت لێەو و خۆت لەخەت دەدەی...

( پیاوەنابیناکە: بە گێژیە و مات، وەخۆشی وادەردەخات خەوتووە) کچەفاڵفرۆشەکە (ئاگاداری هاتینی پەپولەکان  دەبێت) ڕاوەستن من لێرەم. زۆر فێڵبازن چۆن منتان پەیداکرد؟

(بەدوای پەپولەکان ئەولاو ئەولا دەڕوات) ئارام بگرن جارێکی تر لەگەڵتان دێم.  بۆ هەر شوێنێک برۆن (بۆ لای پیاوە نابیناکە دەروات پێڵاوە لە و جانتایەی کەلای پیاوەکەیە و چاکەتێک دەردەێنێت. ئامادەی ڕۆیشتن، چاو لە پیاوەنابیناکە دەکات چاوی لێدەکاتەوە، دەستێک لەفاڵەکەی لە جانتاکەی دەردەهێنێت. چاوەکانیاندادەخات لەپێش خۆی قسەدەکات، فاڵکە لەنێو فاڵەکان دەردەهێنێت دەیخوێنێتەوە

(( تەواو ڕووناکی ستەیجەکە دەکوژێتەوە))

ڕووناکی بلاجیکتۆرەکە ... کچە فاڵفرۆشەکە

له لایەکی تریشەوە ڕووناکیی یەکێک لە بلاجیکتۆرەکان داگیرساوە

**تاقمی کۆرسبێژی خەڵکی شار:**

خۆزگە بەو ڕۆژە کە لەو مەنزڵە وێرانە بڕۆم

ڕوو لە گیانان بکەم، لێرەوە گیانانە بڕۆم

باش دەزانم ڕێی غەریبی ئاکامی نییە

من بەدوای بۆنی ئەو زوڵفە پەرێشانە دەڕۆم

لە ترسی زیندانادا خەوف کەوتووەتە دڵم

بار بکەم و بە شەوێ بۆ ئەو موڵکی سلێمانە بڕۆم

وەک بای سەبا بە جەستەی نەخۆش و دڵێکی زار

بەرەو پیری ئەو سەرووی خەارمانە بڕۆم

لە ڕێی ئەودا وەک قەڵەم ملی ڕێ ئەگرم

بە دڵی ڕێش و دیدەی گریان دەبێ بڕۆم

نەزرم کردووە گەر ڕۆژێ لەم خەمە ڕزگارم بێ

تا دەرگای مەیخانە بە چریکە و شادییەوە بڕۆم

بە هواخوای ئەو لە بە بەزمی سەماکاران

تا لێواری کانیاوی خۆری درەوشاوە بڕۆم

تاکوو زیان ئەوە نەبێ خەمی ئەحواڵی بارقورسەکان بپرسی

لەخواترسان یارمەتییەک تاکوو خۆش و ئاسان بڕۆم

گەر وەکوو حافز لەبیاباندا نەتوانم قوتار بم

بەرەو کەوکەبی ئاسیفی دەوران بڕۆم

کچە فاڵفرۆشەکە زەڵت دەڕوانێتە پیاوە نابیناکە، بۆ چەند ساتێک ڕادەمێنێ لەناکاو وەک ئەوەی سیخورمەی بدەن بە هێواشی بە تەنیشت پیاوە نابیناکەدا تێدەپەڕێت بەدوای پەپوولەکاندا هەندێک ئەمسەر و ئەوسەر دەکات و لە کۆتایی ستەیجەکە لەبەرچاو نامێنێت.

ڕووناکی سەر سەتیجەکە لەسەرخۆ لەسەرخۆ دەکوژێتەوە.

پەردەکە دادەخرێت.